www.kurdistannet.org
13/05/2002 23:58

# نەعامەسیفەت !!

**بەدوادا چوونێك**

**Ebas SHIWAN**
a.shiwan@kurdpost.com

(....، به دڵنیاییەوە بەعس تەنیا لەگەڵ کورددا چەوسانەوەی ئەنجام نەداوە ، بەڵکوو هاوشان بەوە عەرەبیش لە عێراقدا چەوساونەتەوە ، لە خۆشبەختی کورد و خۆشبەختی عەرەبە ، هێرشەکانی دەسەڵاتی عێراق بۆ سەر کورد بنچینەیەکی جەماوەری نییە ،....)





ئەم پەیڤانەی نووسەر و ڕۆماننووس **Zuhêr Elcezaîrî** دەری بڕیوە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی **Kurdistanî nwê**ی ژمارە **2752**ی ڕۆژی **02.5.11** ، لاپەرە **8** دا بڵاوکراوەتەوە .

ناوبراو لە کۆنفرانسی **Enfal** مانگی ڕابردوو ، کە لە شاری **Hewlêr** لەلایەن **KDP**یەوە چێکرا ، بابەتێکی بەناونیشانی ( **پێش ئەنفال و پاش بیرچوونەوە – ما قبل الانفال و ما بعد النسیان** ) پێشکەش کرد بوو . وەك لە چاوپێکەوتنەکەیەوە دیارە کە لەلایەن **Twana Ehmed**ەوە ساز دراوە ، ماوەی **2** ساڵ لە کوردستان ژیاوە و بەرهەمی ئەو ماوەیە **2** کتێب بووە.

ئەوەی ئاگای لە مێژووی هاوچەرخی ئەم ناوچە جەنگزەدەیە هەبێت، هەست دەکات ئەو دەربڕینەی **Zuhêr** کەمێك ڕاستە . بەڵام ، هەموو ڕاستییەکان نییە . تا ڕادەیەکیش پەردەپۆشکردنی پێوەدیارە ، پەردەپۆشکرنێێك و مەسئولییەتێك کە دەبوایە گەرماو گەرم هەستی پێبکرایە و نەسپێردرایە بە ئایندە .

مێژووی سی چل ساڵی جەنگی نێوان کورد و عەرەبە دەسەڵاتدارەکان کە پڕە لە کوشت و بڕ وماڵوێرانی و دەربەدەری ، بڕینێکی وای کردۆتە جەستەی کوردەوە هەتا هەتایە لەبیر نەچێتەوە و پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە نێوچەوانی حکومەتی عەرەبانەوە .

تازە هەندێك خوێنەواری عەرەب دێن پێمان دەڵێن حکومەتەکەمان تەنها لەبەرانبەر ئێوەدا دڕندە نەبووە بەڵکوو لەگەڵ هاورەگەزەکانی خۆشماندا دڕندە بووە . ئەمم پاساو هێنانەوەیە ، خۆ گێل کردن و خۆ دزینەوە و خۆ پەڕاندنەوەیەکی ترە لە پەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و دان نەنانە بە تاوانی جینۆسایدی کورددا .



**لەو ماوە مێژووییەدا هێندە خەڵکی عەرەب بێهەست بوون تەسەور ناکرێت ، گریمان بۆ ئێمەی بێگانە پێویستی نەکردووە دەنگ هەڵبڕن ، ئەی بۆ ڕۆڵە سەربازەکانی خۆیان کە بە هەزارەهایان لە جەنگی کوردستاندا لێ دەکوژرا ، دەنگی نارەزایەتییان لێهەڵنەدەبڕی و خۆپیشاندانیان لە دژی بەرپا نەدەکرد ، ئەو جەنگە نارەوایەی کە نائارامی نەك لە کوردستان بەڵکوو بۆ سەرجەم ئێراقدا خولقاندبوو ؟!**

**لەوانەیە هەندێك دەنگی شەرمن بە ئێستایشەوە هەبووبن ، ئەو دەربڕینەیان پێقووت نەچێ و بڵێن وا نییە دەنگی نارەزایەتی هەبووە . ئەمە هەبووە چارەنووسی کورد بەو دەردە برا !! ئەی ئەگەر نەبوایە بێگومان ئێستا کوردێك نەدەما !؟؟ گریمان ئەو نارەزایەتییەی ئەوان دەیڵێن ڕاستە و بوونی هەبووە ، ئەی بۆ کارێکی بۆ بەرگرتن بەلافاوی خوێن نەکرد ؟! بێگومان هەبووە بەڵام نووزە نووز بووە و کەمایەتییەکی زۆر کەم بوون ، کە دادی کۆستی ئێمەی نەدەدا وبە فریامان نەدەکەوت ،  زووربەی خەڵکی عەرەب بێدەنگییان لە ئاست کارەساتدا هەڵبژاردووە ، ئەو هەڵبژاردنەیش ڕازی بوون دەگەیەنێت !؟؟**

**بە پێچەوانەوە هەمان کێشە لە تورکیا بە جۆرێکی کە کەوتۆتەوە ، خەڵکی تورك لە درێژەی پانزە ساڵ جەنگی کوردستاندا، بە خاتری گیانی کورەکانیان تا لە کوردستان نەکوژرێن و کورد نەکوژن هەزارەها نارەزایەتییان بەرپا کردووە.**

**چ لۆگیکێکی ناشیرین و دزێوە ! لەسەر ئەو بناغەیە ناکرێت کورد دڵ بەدراوسێیەك خۆش بکات ، هەست و سۆزیان عەمەلیات کردبێت و فرێ دابێت، و لەکەرەی شەربەت کەرتر بوولێتن ، بە ئێستاشەوە . کورد گەر بەختی   بە تەعبیرە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکەی نا – هەبوایە دوژمنێکی عەقلی دەبوو بەتووشەوە . تف لەگەردوون چ ڕۆژ و ناوچەوانێکی ڕەشمان هەیە .**

**02.5.12**

© Kurdistan Net